# دەستووری نوێ و تاقیکردنەوەی کورد لە کەرکووک ...



خەسرۆ پیرباڵ

ڕەشنووسی دەستووری عێراقی پاش گفتوگویەکی درێژخایان تەواو بووە و ئێستاکە کەوتوتە پڕوسەی دەنگدانەوە، ئەگەر بە ئینسافەوە مێژووی میللەتی کورد بخوێنینەو و قوناغە یەک لەدووای یەکەکان و دەستکەوتی شەڕو دیالوگەکانی سەرکردایەتی سیاسیی هەڵبسەنگێنین، دەکری، ئەو ڕەشنووسەی کە سەرجەم هێزە جیاوازەکانی میللەتانی عێراق بە ڕێککەوتنێکی گونجاو قەبووڵ بکرێت، گونجاو لەگەڵ جیوپولیتیکی ئەمڕۆکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی دەوروبەری کوردستان، ئەو ڕەشنووسەی دەستووره، کە وەکو جورێکە لە ڕێککەوتن، بەبەراوورد لەگەڵ ڕێککەوتنەکانی تری کوردەکان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا، جورێک لە کاملّی و تەوافووقی نەتەوەیی پێوە دیارە و هەروەها، لایەنی نێودەوڵەتی و عەرەبی تێیدا بەشدارە، ئەوەش وای کردووە، کە ئەم ڕەشنووسە، ئەگەر زورینەی دەنگی میللەتانی عێراقی بگرێتە خوی، ئەوە دەکرێت باس لە دووبارە بنیاتنانەوەی کومەڵگای نویی مودێرنی، دیموکراسی ئازاد بکرێت، ئەوکاتیش ئاسایشی نیشتیمانی و هێمنی و سەقامگیری کومەڵایەتی دروست دەبێت لەسەرتاسەری عێراقدا .

ئەم ڕەشنووسە، هەر پاش لەدایکبوونی، لە چەند لایەکەوە، ڕووبەڕووی ڕەخنە و تێڕوانینی جیاواز بوتەوە، لەوانەیە،لەسەر چەند خاڵێکدا، تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاواز هەبێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، کە شاندی کوردستانی، بە شێوەیەکی یەکگرتوو، سەرجەم هێزو لایەنە جیاجیاکان و بون و ڕەنگەکانیان لەگەڵدا بووە لەو دانووستاندنە درێژخایانەدا، نوێنەری سەرجەم ئاین و نەتەوەکانی تری کوردستانیان لەگەڵدابووە، لە بەغدا هەموویان پێکەوە، لە دیالوگدا بووینە و مەسەلەکان بەشێوەیەکی تەوافووقی چارەسەرکراوون، لەو پڕوسەیەشدا، ئەمریکا و ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان قسە و بەرنامەی خویان هەبووە، واتە بەرژەوەندیەکانی نیشتیمانی هێزە سیاسییەکان و ئاژەندەی نیودەوڵەتی ئاوێزەی یەکتربووینە، ئەمریکاش لێرەدا، بە بەرنامە و پێشنیار لایەنێکی ئەکتیڤ و یەکلاکەرەوەبووە لە گەڵاڵەکردنی پڕوژەکە و ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوورەکە . .

دەربارەی ئەو خاڵانەی کە بو کورد جێگای پرسیار و ڕەخنەن، بەتایبەتی دەربارەی چارەنووسی کەرکووک، کە پاش هەوڵێکی زورەوە ماوەی ئاسایکردنەوەکەی لە ١٠ساڵەوە کرایە دووساڵ، ئەوەیش بەهەوڵ و کوششی گرووپی کوردستانی لەو دانووستاندنەدا، ئەمریکا دوواسات، لەژێر فشاری چەند لایەنێک، پێیان باش بووە کە دووابخرێت، لێرەشدا، هەقیقەت ئەوەیە کە کێشەی کەرکووک کێشەیەکی ئاڵوز و قورسە، هەستیارە، بو ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی میللەتانی ناوچەکە..

مخابن لە پڕاکتیکدا، ئەمریکییەکان بەگوێرەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستانی، تێڕوانینیان بو مەسەلەی کەرکووک، وەکو پرسێکی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، پێشنیار و ( چارەسەری گونجاویان ) بو هەیە، ئەو شێوازە یەکلاکردنەوانەیە کە سەریەشە و گرفتێکی گەورە بو سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی دروست دەکات، ئەوە ڕاستە کە دیالوگەکەی بەغدا، فرەلایەن و فرەڕەهەندە و تێکئالاوبووە، بەڵام ئەمریکییەکان ، لە زور شوێندا، خوی و خوی بەتەنیا یەکلاکەرەوە و بڕیاردەربووە !

پرسی هاوپەیمانییەتیمان لەگەڵ ئەمریکا :
لەوانەیە ئەو ڕەشنووسەی دەستوور، دووایین تاقیکردنەوەی کورد نەبێت لەگەڵ ئەمریکادا، ڕوژانی داهاتوو، گەلێک لەو جورە ڕووبەڕووبونەوە و ئەزموونانەمان لەگەڵ ئەمریکادا هەبێت،لێرەشدا ئەگەر نەخشەی نوی ی ناوچەکە و بەرنامەی ئیستراتیجی ئەمریکا بخوێنینەوە، ئەوە سیناریوی لەو شێوەیە دیسانەوە بەڕێوەیە لەبەرئەوە پێموابی ئێستاکە، کاتی ئەوەهاتووە سەروکایەتی کوردستان، یەکلایانە، دووبارە لەگەڵ ئەمریکییەکان دانوستاندن و گفتوگوبکەن ، بو دووبارە دانووستاندن و گفتووگوکردن لەسەر هەموو خاڵ و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و، هەقی خویەتی دووبارە هەموو کارت و هاوکێشەو مەسەلەکان بینە خاڵی گفتوگو و سەرجەم هاوپەیمانییەتی خومان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بخەینە دیالوگ و گفتوگووە .

کەسیش پێی وانییە کە ئەمڕوکە لەسەرجەم ڕوژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەبەتایبەتی لە عێراقدا، میللەتێک و حکوومەتێک هەبێت، هێندەی سەرکردایەتی کوردستان و میللەتی کورد، دوست و هاوپەیمانی ئەمەریکییەکان بن. لەبەرئەوەشە، ئەو دووبارە گفتوگوکردنە دەرئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، لەوانەیە، پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەبەغدا، پاش گوڕانکاریەکانی ناوخوی عێراق، ئەمریکا پێویستی بە ڕوشنایی و دووبارە ڕێنماییکردنەوە بێتەوە.

دەربارەی مەسەلەی کەرکووک، حەزدەکەم، پێش ئەوەی پەنجەی بەرپرسیاریەتی و تاوانی دوواخستنی

پرۆسەی ئاسایکردنەوەی شارەکە، ڕووبەڕووی خەڵکانی غەیرە- کورد بکرێتەوە، پێموابێت پێشتر، یەخەی خومان بگرین، خومان تاوانبارکەین ! ئێمە هەمووومان، بەرپرسین لە دوواخستن و خەمساردی دەرهەق بە پرسی کەرکووک.

ئەمڕوکە، لە پڕاکتیکدا، پاش دیاریکردنی ڕەشنووسی دەستوور، چیمان پێدەکرێت بو کەرکووک، دوزینەوەی تەوافووقێکی گونجاو بو ئەو کێشەیە ؟

دیارە لەو پڕوسەیەدا، ڕوڵ و کاریگەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی یەکگرتوو، بەهێند و بەرز دەنرخێنرێت، لێرەشدا، پێویستیەکی خێرا و هەنووکەیی دێتە پێشەوە بو سازدانی کابینەیەکی یەکگرتووی حکوومەتی کوردستان، دەکرێت بەرنامە و کار و هاوتەبایی خویان لە کەرکووکدا تاقیبکەنەوە، بەتایبەت لە کەرکووک، ڕوڵی حیزب و ڕێکخستنی هەموو حیزبەکان کەم بکرێتەوە، زیاتر گرینگی بەکار و بەرنامەی حکوومەتی کوردستان بدرێت .

ئاشکرایە لە کەرکووک، هێز و لایەنی سەربە وڵاتانی بیانی هەن، تورکمان، عەرەب هەن، بەڵام هەرگیز نابێت، بڕیاری عەسکەری وەکو دووا ئەلتەرناتیف وەربگیردرێت، ئەمڕوکە ئەگەر سەرکردایەتی کوردستان، بڕیاری داوە لەگەڵ عەرەبەکان وڵاتێک دروست بکەنەوە، بو دەبێت لە کەرکووک شتێکی ترمان هەبێت بەرامبەر عەرەب و تورکمانەکانی ئەو شارە ؟

ئەمڕوکە قەدەری کوردە، دەبێت وانەی دیالوگ و دیموکراسی، فێری میللەتانی تری عێراق بکات، لەهەوڵی جیدی بێت بو هێنانە کایەیی بارووودوخی گونجاو و هێمن بو لەیەکترنزیکردنەوەی لایەنەکان و میللەتە جیاجیاکانی عێراق و وە پرسی کەرکوکیش وەکو نموونەیەکە لەو بوارەدا ..

بەبۆچوون و تێگەیشتنی من، ئەگەر کوردەکان ئومێدی ئەوەیان هەبێت کە کەرکووک بگێڕنەوە سەر نەخشەی کوردستان ، دەبێت شارێکی هێمن و دوست بگێڕنەوە بوناو کوشی نیشتیمان، شارێک بێت، تێیدا مافی تورکمان و عەرەبەکانیش پارێزراوبن، هەموو فەرهەنگە جیاوازەکان ڕەنگ و بونی خویان هەبێت لەو شارەدا، کەرکووک دەبێت شارێک بێت بونی خوێنی لێوەنەیێت، من کەرکووکم دەوێت بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە وە بێ خوێن ڕشتن ..لەبەرژەوەندی نەتەوەیماندایە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە باس لە کوردستانیبوونی شارەکە بکرێت ..فیشەک و کوشتن نەبێتە ئامراز بو ژیان و گوزەران و گەڕانەوەی کوردەکان بو کەرکووک.

لە دنیای ئەمڕودا، ناکری باس لە تاقە ناسنامەیی بکرێت ئەمڕوکە کاتی فرەناسنامەییە، دەکرێت تو کورد و عێراقی و کەرکووکیی و خەڵکی گەڕەکی قوریەی کەرکووک بیت و هەڵگری ناسنامەی سوویدیش بیت، خاوەنی فەرهەنگ و شێوازی بیرکردنەوەیەکی فەڕەنسیش بیت !! هەمویان پێکەوە ، ئاوێتەیەکی جوان و دەوڵەمەندیەکی لێوەدروست دەبێت،..

هەروەها دەربارەی بەرنامەسازی بو دووبارە بنیاتنانەوەی شاری کەرکووک، دەبێت بەرپرسیاریەکی تەواو و سەرەکی بخرێتە سەر خوودی کەرکووکییەکان خویان، سەرمایەداران و خەڵکانی ڕوشنبیر و کەسایەتی و ڕێکخراوەکان، دەبێت پێش هەر هاووڵاتییەکی تری عێراق، دەبێت کەرکووکییەکان، خویان، زیاتر لە هەمووومان، خویان بەخاوەنی پرسی کەرکووک بزانن، بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوورییەکانی بەئەسڵ خەڵکی کەرکووک، لەکاری بەردەوام بن، بو هەموارکردن و جوانکردنی شارەکە ..ڕوڵی سەرمایەدارانیش ڕوڵێکی گرنگە لەو پڕوسەیەدا .

کەرکووکی نوی :

دەکرێت، وەکو پێشنیارێکیش، لە دەروازەیەکی یاخود لە لایەکی شاری کەرکووکی ئێستا، شاروچکەیەکی تر دروست بکرێت و ناوی بنێین، کەرکووکی نوی !، ئەمڕوکە لە دنیای ئێستا و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلوژیا و ئاسانکاری و داراییەکی باش، دەتوانین پڕوژەی شارێکی نموونەیی ئەنجام بدەین . ئەگەر پێناسەی مودێرنی شار بکەین، ئەوە چەند گەڕەکێک و دوو قوتابخانە و خەستەخانەیەک و بازاڕێکی بچکولانە و، دەتوانین بو چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوونی گواستراوەکانی کوردی کەرکووک، وە بو ئەوەی گرفت و کیشەی دەرکردنی عەرەب و تورکمانمان لەکوڵ بێتەوە، دەتوانیین شارێکی نموونەی جوان دروست بکرێت ..پێشموابی، ئاوەدانکردنەوەی شارێک لەتەک شارێکی تردا، لە دوونیای ئەمڕوکەدا هیچ گرفتێک درووست ناکات .

دیارە بەگوێرەی ڕەشنووسی دەستوور، دووساڵیان داناوە بو پڕوسەی ئاسایکردنەوەی شارەکە، بەڵام دەشزانین کە کورد بە گشتی، وەکو مروڤێکی ڕوژهەڵاتی، هەمیشە گرفتی هەیە لەگەڵ کات، ئێمە گرفتی (Dead line) هەیە، واتە کاتێک بو مەسەلەیەکی تایبەت بەروارێک دەستنیشان دەکرێت و ئیدی ئەو دەستنیشانکردنە هێندە بە هەند وەرناگیرێت، کاری لەسەرناکرێت ؟؟!، دەبێت بە ڕاستی هەر لە ئێستاوە کار و بەرنامە لەسەر ئەو دووساڵە بکرێت. وە چاوەڕوانی دووامانگەکانی ساڵی دووهەم نەکەین بو ئەوەی کار بکەین لەسەر پڕوسەی ئاسایکردنەوەی شاری کەرکووک.

سەرکردایەتی کوردستانی، لە پێشوو باشتر دیالوگ دەکات، باشتر هەموو هێزولایەن، ئەمریکا دەناسێت و بەتەواوی دەزانێت لەسەر مێزی دانوستاندن، لەسەر ئەو خاڵ و ئەم خاڵ، ئاڵوگوڕڕو ڕووبەڕووی هەمووولایەک ببێتەوە،مەرجیش نییە، هەموو پێشنیارێکی بەرامبەر قەبووڵ بکرێت ( هەتاوەکو ئەگەر لەلایەن ئەمریکییەکانیشەوە بێت )، کوردەکانیش دەزانن چون پێدادەگرن لەسەر مافەکانمان لەچوارچێوەی عێراقدا، فێری ئەوەبوونە چون خەڵکی تر بوەستێنن لە نزیک هێڵە سوورە نەتەوەییەکانماندا..

لەبەرژەوەندی کوردەکانە، ئەگەر وەکو هەڵبژاردنەکانی پێشوو، چالاکانە کار بو ئەوە بکەن و هەموویان دەنگ بدەنە ئەو دوکوومەنتە مێژووییەی ئەمڕوکە، ئەگەر سەیری مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بکرێت و بە بەراورد لەگەڵ ڕێککەوتنەکانی تری شورش، ئەوەی لەو دەستوورەدا بو میللەتی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، سەرەتایەکی باشە بو کاری نەتەوەیی و هەنگاوێکی دیپلوماسیی گرنگە بو بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان .

Pirbal@hotmail.com